# من و کچە گەرمیانییەکە

**هاورێ باخەوان**



زۆرم بیست و زۆرم خوێندەوە لەسەر خەتەنەی کچان، نازانم تاچەندێك هێزکاری خۆیی بوویێت لەسەر کەمکردنەوەی ئەم دیاردە دژبەمرۆڤایەتییە، بەڵام چەندی لەسەر بگووترێت و بنووسرێت هێشتا هەر کەمە، چونکە تاوەکو تاکە دیاردەیەکی خەتەنەی کچان لە وڵاتەکەماندا بیێت، هێشتا ئەو وتن و نووسینانە ئامانجی خۆیانی بەتەواوەتی نەپێکاوە! هەر بەهۆی ئەو وتن و نووسینانەشەوە بوو کە ئەو وێنانەی گەرمیان دزەی کردە ناو جیهانی رۆژنامەگەری و هەموومانی تووشی شۆك کرد..

هەڵبەت ئەو وتن و نووسینانە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر دەبێتە کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە و دەکرێت بگووترێت لەو رووەوە بەئاراستەیەکی باشدا دەڕۆین، بەڵام ئەوەی کەمی دەبیستم و کەمی لەبارەوە دەخوێنمەوە خەتەنەی کورانەیە، دیارە ناڵێم هێندەی خەتەنەی کچان کاریگەریی خراپی هەیە! بەڵام دەکرێت بەویش بگووترێت کارەسات.. بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی هێشتا ئەو رۆژە رەشەیان لە یادا ماوە و بیرچوونەوەی ئاستەمە..

نازانم ئەو نەفرەتلێکراوە کێ بوو کە بۆیەکەمجار لە مێژوودا خەتەنەی داهێنا! بەڵام دیاردەیەکی تابلێی کۆنە و خودی خۆم پەیکەری سەردەمی چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرم بە خەتەنەکراوی لە شوێنەوارەکانی موسڵ بینیوە..

کەسانێك هەن خەتەنەکراون و بیریان نایەت چی روویداوە، بیریان نایەت چۆن بەبێ بەنج پارچەیەك لە لەشی دەکەنەوە، هەر بۆیەشە لەوانەیە هێزکارێکی ئەوتۆی دەروونی و سێکسیی نەکردبێتە سەریان.. هەربۆیە بووەتە رووداوێکی تێپەڕ بەلایانەوە، چونکە هیچ پاشەڕۆکێکی لە هەست و نەستیاندا بەجێنەهێشتووە.. کە سەیری لەشی خۆشی دەکات، چونکە هەر واهی بینیوویەتی، واشدەزانێ کە هەر واهی لەدایکبووە!.

من زۆر چاك ئەو رۆژە رەشەمم بیردێت! تەمەنم سێ چوار ساڵێك دەبوو، لەگەڵ سێ کەسی تر لە خزم و ناسیاوان، لە گەڕەکی گۆیژە لە هەیوانی ماڵی باپیرمدا گەورەترین برین و سوێیان کردە دڵمانەوە! هەر چوارمان بەڕیز لە تاوان دەگریاین، بۆ دڵنەوایی و ژیربوونەوەمان سەرو دیارییان داینێ! بەڵام نە دیاری و نە هیچ شتێکی تر نەیدەتوانی ئازاری ئێمە کەمبکاتەوە.. بیهێنەرە پێش چاوی خۆت، بەبێ بەنج! دیسانیش دەڵێم، بەبێ بەنج! ناسکترین و هەستیارترین پارچەی لەشت ببڕن و لێی بکەنەوە! ئیدی دەبێت چ شتێك دادت بدات و چۆن دان بەخۆتدا بگریت و پاشتریش چۆن لەبیرت بچێتەوە!..

دیارە هیچ لۆمەیەکی باوانم ناکەم، ئەوانیش وەك ئەوانەی ئێوە، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی یان ئایینییان بەجێهێناوە! بەڵام پرۆسەکە بەگشتی تاوانێکی گەورەیە کە بوێریت بڕیاری ئەوە بدەیت بەبێ هیچ هۆکارێکی تەندروستی پارچەیەك لە لەشی منداڵەکەت تەنانەت بە بەنجکراویش لێبکەیتەوە...

هەرچەند وێنەی ئەم کچە گەرمیانییە دەبینم کە لە تاودا دەستی بەداوێنییەوە گرتووە، هەمان ئەو رۆژەی خۆمم بیردەکەوێتەوە کە ئەتکیان کردم و ئەو پارچەیەی لەشیان لێکردمەوە.. زۆر باش لە ئازاری دەگەم و دەزانم چۆن ئەویشیان ئەتك کردووە.. چۆن بە زیندوویی تیرۆریانکردووە.. چۆن ئەو برینەی دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ئەو کە تا دنیا دنیایە بیری نەچێتەوە..

بۆ من ئەوە دەیان ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەمدا تێپەڕی، ئەگەرچی هەزار بیانووی ناڕاستی پاکوخاوێنی و چی و چیی تر دەبیستم وەك پاکانەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە.. بەڵام هێشتا هەر لە بیرمدایە.. هێشتاش ئازاری ئەو نەشتەرە و سەروچاوی ئەو جەللادەم کە پێیان دەگووت برینپێچ هەر لە بیردایە!..

تۆش ئەی کچە گەرمیانییەکە، دەزانم هەمان کێشەی منت هەیە.. دەیان ساڵی تریش گوێزان و دەستە چڵکنەکان و خاڵە ناشرینەکانی ئەو پیرێژنەت لە یاد ناچێت.. بەڵام خۆزگە تۆش وەکو من ئەو بڕیارەت دەدا! لە باتی منداڵێك هەزار منداڵت بیێت! چ کوڕ! چ کچ!.. نەکەی بڕیاری ئەوە بدەی پارچەیەك لە لەشیان بەهەر بیانوویەك بێت لێبکەیتەوە! نەکەی تۆش وەك باوانمان هەمان برینی هەردەم خوێن ئاڵ بکەیتە جەستەی کۆرپەتەوە...

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٠-١١-٢٣